# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

**ساڵی 1833- 1837دوای زایین**

میر محەمەد فرمانرەوای سۆران, کە بۆئەوە دەبوو بەبێتە شای کوردستان هەر دێتەسەرکار, دەستوری سازکردنی کارخانەیەکی ئەسلەحەسازی دەدا. لەماوەیەکی کەمدا تەواوی باشوری کوردستان تا بۆتان ئازاددەکا. ساڵی 1834 عوسمانیەکان شکست دەخۆن. 1835 تەواوی رۆژئاوای کوردستان ئازاد دەبێ . فارسەکان ناچنە ژێر باری دانیشتنێک لەگەڵ میر محەمەد دژبە تورکەکان . 1836 دیسانیش سوپای عوسمانی لە شەڕلەگەڵ میر محەمەد دا شکست دەخۆا.

میر محەمەد بە ناچاری بۆ دانیشتن لەگەڵ تورکەکان دەچێتە ئیستامبوول . لەو ماوەیەدا تورکەکان تەواوی کوردستان بە ئاور دەکێشن ! ژنرالێکی ئاڵمانی بە نێوی مۆلتکە Moltke کە وەکو بەرپرسی نیزامی لە لای عوسمانیەکان کاری دەکرد, لە دەفتەری بیرەوەرییەکەیدا نووسیویە کە: *تائەورۆ شەڕی ئاوا وەحشیانە و ناجەوانمەردانەم نەدیوە کە بۆ هەڵسەنگاندن ببێ لەگەڵ ئەو شەڕەی کە من لە تورکەکان دژبە کوردەکان بینیم.*